# وۆرک شۆپێکی هونەری بۆ یادی هەڵەبجە

شەوی شەممە ڕێکەوتی 2007/03/10 جاسم غفور لە دەسپێکی ئەو چالاکیانەی بۆ یادی هەڵەبجە ئەنجامیان دەدا وۆرک شۆپێکی هونەری لە ڕەفیوجی فۆرم لە شاری نۆتینگهامی بەریتانیا بەڕێوەبرد، لەم چالاکیەدا ژمارەیەک لە خەڵکانی پەنابەر و ئینگلیز بەشداریان کردو چەند کارێکی هونەریان ئەنجامدا کە ئاماژە بە دڵرەقی و وەحشیگەری ئەنجامدەرانی کارەساتی هەڵەبجە دەکەن. پێش دەستپێکردنی وۆرک شۆپەکە جاسم دەربارەی کارەساتی هەڵەبجە قسەی بۆ بەشداربووان کردو چەند بابەت و وێنەی خستەبەردامیان تا زانیاری زیاتریان لەسەر هەڵەبجەیان لا گەڵاڵە بێت و وە بۆ ئەنجامدانی کارە هونەریەکانیشیان سوودی لێ ببینن.







**کارە هونەریەکان ڕۆژی هەینی 3/15 بۆ ماوەی 2 ڕۆژ لە ئۆفیسی ڕەفیوجی فۆرم پیشان دەدرێن و ئێوارەی هەمان ڕۆژ کاتژمێر 5 تا 8 ی ئێوارە کۆبوونەوەیەک بۆ یادکردنەوەی کارەساتی هەڵەبجە لە ئۆفیسی ناوبراو بەڕێوەدەچێت.**

## بەشێک لە کارە هونەریەکان

















